جیهان لە چنگی ئیمپراتۆردا – 5 – … سمکۆ عەبدولکەریم

بەشی پێنجەم……

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دوای پاشکشەپێکردنی وەاتانی زلهێزی ئەورووپا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی و دواتریش رووبەرووبوونەوەی بیر و دەسەاتی کەمۆنیزم لە سەرتاسەری جیهاندا کە یەکێتی سۆڤیەتی جاران سەرکردایەتی دەکرد، لە هەمانکاتیشدا سنووردارکردنی، دواتریش شکستپێهێنانی بیری عروبەی عەرەبی لە دوای پێنجاکانی سەدەی رابردوو، بەسەرکردایەتی (جەمال عەبدولناسر) دەسەات و هەیمەنەی ئەمریکا گەیشتە چلەپۆپەی، بەیە قسەکردن لە ئەمریکای دوای ئەم قۆناغە باباین، بۆتە یەکێک لەو باسە گەرم و گۆڕە سیاسیانەی، نەوخەی ئەمریکا، بەشەویەک لە سەرئاستی جیهانیشدا بۆتە مەسەلەیەکی پڕ بایەخ.

هەندێ لە مێژوونووسان و بیرمەندانی سیاسی، ئیمپراتۆریەتەکەی ئەستای ئەمریکا دەشوبهێنن بە ئیمپراتۆریەتەکەی جارانی بەریتانیا، کە چەن ئەو ئیمپراتۆریەتەی کە بەوە ناسرا بوو، خۆری لێئاوانابات تووشی داوخان بوو، ، ئاواش ئیمپراتۆریەتەکەی ئەمریکا کە بە دەسەاتداری موتلەقی جیهان ناسراوە، دوور یان نزیک دووچاری هەمان چارەنووس دەبێتەوە "لە کاتێکدا ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا رۆژێ لە رۆژان چارەگی خاکی دونیا بەدەستەوە بوو، کە نزیکەی چارەگی دانیشتوانی جیهانی پێکدەهێنا، لە بەرامبەر ئەوەدا ئەو زەویەی کە ئەستا ئەمریکا لەسەریەتی لەنەوان سەدا شەش بە سەدا حەوتی روبەری گەی زەویە، دانیشتوانەکەشی لە سەدا پێنج تێپەناکات" بەام لە رووی ئابوریەوە، بەرهەمی ئابووری ئەمریکا دەگاتە چارەگی بەرهەمی دونیا، کە لە سالی (1969) وە تاکو ئەستا بە شەویەکی گشتی جێگیرە.

(ڕەبەرت کاجان) لە نووسینەکانیدا زەر بە توندی ئاوڕ ڕت دەکاتەوە کە ئەمریکا لە لەواری غلەربوونەویەکی حەتمیدا بات، بەشەویەک لە وتارەکانی (ئەباما)ی سەرکی پێشووی ئەمریکاشدا ئەو مەترسیە هەستی پێدەکرێت، ئاماژەکانی ئەو مەترسیەش، جگە لەو وتارانەی لەوبارەوە نووسراون، زیاتر لە قسەکانی (ئەباما) دا دەرکەوتوون. ئەباما لە یەکە لە وتارەکانیدا لە سالی (2012) بە ئاوازێکی بەرزی

دەنگی و جۆرێک لە بزەی باوکی بە خەبوونەوە وتی: "ئەوانەی دەڵێن ئەمریکا لە داروخاندایە، نازانن چی دەڵێن" ئەمەش بە پشت بەستن بە بەچوونەکانی مێژوو نووسی
ئەمریکی (ڕۆبێرت کاجان) کاتێک وتارێکی بەناونیشانی (ئەفسانەی داوخانی ئەمریکا) لە گۆڤاری (نیو ریپبلیک) ی ئەمریکی بڵاوکردەوە و دەنگدانەوەی زۆری هەبوو.
ئۆباما لە پڕاوێزی ئەم وتارەی (کاجان)دا کە هەندێ چاودێری سیاسی جۆرێک لە ترس و دڵەڕاوکێ پێوەدەبینن، دەیهەوێ بگڕێ هەموو ئەو بەچوونانەدا بچێتەوە کە باس لە داوخانی ئەمریکا دەکەن.

بە پێی هەندێ سەرچاوە، ئۆباما لە دانیشتنێکی تایبەتدا زۆر بە وردی و خاڵ بەخاڵ گفتوگۆی لەسەر ئەم وتارەی (کاجان) کردوە و باوەڕی بە بەچوونەکانی هەبووە، بەڵام (کاجان) کە دواتر ئەو تێگەیشتن و بەچوونانەی خۆی لە چوارچێوەی کتێبێکدا بە ناوی (جیهانێک کە ئەمریکا دروستی کردوە) فراوانتر دەربڕی، بەشێوەیەک ڕەخنە لە ئۆباما دەگرێت، کە کردەوەو بڕیارەکانی پێچەوانەی دەربڕینەکانییەتی، بە تایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە ڕووشی سوریاوە هەیە، لەم ڕووەوە ڕەخنە لە سیاسەتی ئەمریکا دەگرێت، لە بڕامبەر دەست تێوەردان و پشتیوانی نەکردنی، گەل و سوپای ئازادی سوریا.

لە مێژووی ئەمریکادا هەمیشە نووسەرو بیرمەندانی ئەم وڵاتە ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینن لە داشتن و دیاریکردنی نەخشەی سیاسی ئەم وڵاتە، بۆیە بەردەوام لەپشتەوەی زۆر لە سەرکەکانی ئەمریکا بیرمەندێک هەیە.
ئەمریکا لە زۆر بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵاتی پشت بەبیردۆزە داهێنراوەکانیان دەبەستێت، هەر لەکتێبەکەی سامۆئیل هنتگتۆن (پێکدادانی شارستانییەتەکان) و کتێبەکەی فۆکۆیاما (کۆتایی مێژوو) بگرە تادەگاتە کتێبەکەی (ناتان شارانسکی /کۆشکی دیموکراسی/هێزی ئازادی بە زاڵبوون بەسەر ستەمی تیرۆر) کە زۆر لەنووسەرە سیاسییەکان ئەم دوو کتێبەی پشتر وەک بناغەی سیاسەتی ئێستای ئەمریکا دەناسێنن، هەروەک ئاماژەیەکی زۆریش بە ئەوە دەکرێ کە جورج بۆش زۆر سەرسام بووە بەم کتێبەی (ناتان شارانسکی) .

بە شێوەیەک (ناتان) باس لەو سودفەیە دەکات کە کتێبەکەی خۆی، لە سەرمەزی کۆندالیزا رایس وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی ئەمریکا بینیوە، سەرسامبووە، بەوەی کە (کۆندالیزا) باسی ئەوەی بە کردوە کە (جورج بوش) مەڵەتی یەک هەفتەی پێداوە بە ئەوەی لەم ماوەیدا ئەم کتێبە

بخوێنەرەوە .
زۆر لە نووسەرو سیاستمەدارانیش بەکارهێنانی دەستواژەی (فوضی الخلاقة) لە کاتی خۆیدا کە هەڵایەکی زۆری نایەوە، بە بیری ئەم کتێبەی (ناتان شارانسکی) دەگەڕێننەوە، بەوماناییەی کە (شارانسکی) رایگەیاندوە: "عەرەب و موسڵمانان، تا ئێستا لە ئاستی دیموکراتییەتدا نین" ئەم بیردۆزەش زیاتر لە دوای رووداوەکەی 11-ی سپتەمبەری 2001 سەری هەڵدا و ئەمریکای لەوە بە ئاگا هێنایەوە، کە قەڵەک خەریکە ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەرامبەریدا ئێستورتر دەبێت، هەمووانیش باش هەست بەو ڕاستیە دەکەن، جۆرج بوش لە دوای 11-ی سپتەمبەر وتی: "دوژمنەکانمان رقیان لە ئازادیمانە"

فەرید زەکەریا خاوەنی کتێبی(جیهان دوای ئەمریکا و تۆماس فریدمان) لە کتێبەکەی بە ناوی (That Used to Be Us) دوو لەو نووسەرانەن کە (کاجان) زۆر بە تووندی بۆچوونەکانیان لە بارەی ئایندەی ئەمریکا ڕەتدەکاتەوە، بە تایبەتی ئەو بۆچوونانەی وێنەی ئەمریکا وانیشان دەدەن، کە ئەمریکا خاوەنی هێزێ، بەتام ئۆباما بە شێوەیەک هەڵسوکەوت دەکات، وەک ئاوەی لە لەواری داوخاندا بێت.
هەموو ئاوانەی داکۆکی لە بەردەوامی هەیمەنەی ئەمریکا دەکەن، پێیان وایە ئەمە جگە لە وەهمێکی بەتاڵ، شتێکی تر نییە، ئەمەش بە پشت بەستن بەو مێژووە پڕ لە هەوراز و نشێوەی، کە ئەمریکا پێدا تێپەڕیوە. نمونەش بەوە دێننەوە، کە ئەمریکا بە سێ قەیرانی ئابووری خنکێنەردا تێپەڕیوە، قەیرانەکانی ساڵی (1910، 1930، 1970)، دوای ئەم قەیرانانەش، ئەمریکا هەموو جارێک بەهێزتر لە جاران دەرکەوتەوە.

لە گۆشەیەکی تری مێژوویەوە مێژوونووسان تەمەنی ئیمپراتۆریەت بە چەند قۆناغێکی یەک لە دوای یەک هەڵدەسەنگێنن، نەک چەند ساڵێکی کەم. بۆیە هەموو ئاوەی لە بارەی ئەمریکاوە دەوترێت، دەکرێ لە گۆشەی سیاسی تڕوە لێبڕوانرێ، بە تایبەتی ئێستا، کە ئەمریکا بە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێت، هەستیار، هاوشێوەی قەیرانی کوبای ساڵی 1962، کاتێک بە ناچاری کۆتە بڕدەم ئاگری ڕووبەڕووبونەوە لە گەڵ یەکێتی سۆفیەت، ئێستاش جارێکی تر لە گەڵ ڕوسیا ڕووبەڕو دەبێتەوە.